Research Center

16-11-2021

# سەدر لەلایەك و هێزەكانی دیكەی شیعە لە لایەکەی دیکە

16-11-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** سەدر لەلایەك و هێزەكانی دیكەی شیعە لە لایەکەی دیکە

| RRC

یاسین تەها

چوار هاوپەیمانێتی سەرەکی شیعە لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی 10ی تشرینی 2021 بەشداربوون، سەدر و مالیکی، حەکیم _ عەبادی و عامری و خەزعەلی، سەرۆکایەتی ئەم جەمسەرە جیاوازانەی هەڵبژاردنیان دەکرد کە هەریەك هەڵگری دروشمێکی تایبەت و خاوەن گوتارێکی جیابوون، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامەکان 24 کاژێر پاش پرۆسەکە، لە گۆڕەپانی شیعیدا سەدر بەتەنیا کەوتە لایەك و سێ جەمسەرەکەی دیکە و هەندێك وردە هێز لەلاکەی دیکە لەژێر ناوی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" گردبوونەوە. ئەم دەستەگەرییە نوێیە بەکۆمەڵەی شیعە لەماڵی مالیکی دەستیان بەچالاکی کرد دژی ئەنجامە راگەیەنراوەکان، چونکە  73 کورسی بەخشی بە سەدر، لەبەرامبەریشدا کورسییەکانی ئەوانی بەرێژەیەکی بەرچاو پاشەکشە پێکرد، جگە لە هاوپەیمانییەکەی نوری مالیکی. رکابەرەکانی سەدر باس لەوە دەکەن چوارچێوەکەی ئەوان دەرهاویشتەی هەڵبژاردن نییە و پێشتر بناخەی دانراوە و سەدرییەکان خۆیان لێی کشاونەتەوە، بەڵام لێدوان و چالاکییەکانیان ئەوە دەردەخات خاڵی کۆکەرەوەی ئەو بەرە شیعە لە ناواخندا ناکۆکە، تەنیا کۆت و بەندکردنی سەدر و بەتاڵکردنەوەی یەکەم بوونەکەیەتی، ئەگەرنا لیستەکەی مالیکی براوەیە و دووەم بووە (35 کورسی)، مانای چییە لەبری ئاهەنگ لەگەڵ ئەواندا شینی کورسی دەکات؟!.

"چوارچێوەی هاوئاهەنگی " دروشمی راستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی هەڵگرتووە، بەڵام زۆرجار باس لەوەش کراوە بکرێتە هاوپەیمانییەکی سیاسی، هەندێك جاریش هەرەشەی ئەوەیان پێکردووە، کورسییە کۆکراوەکانی لایەنەکانی زیاتر یان هاوتا یاخود شتێك کەمترە لە کورسییەکانی سەدر، بەم هۆیەشەوە دەتوانن زۆرینە دروست بکەن، ئەمەش هەڵگری پەیامێکە کە بەگوێرەی تەفسیری دادگای فیدراڵی بۆ "گەورەترین لیست"، دەتوانن هەمان سیناریۆی لادانی عەلاوی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی 2010 بەسەر سەدریشدا دووبارە بکەنەوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە بارودۆخی سەر زەوی، سەدر عەلاوی نییە، وەك ئەویش پشتی چۆڵ و دەست و پێی سپی نییە، جگە لەوەی خاوەن جەماوەریترین رەوتی سیاسی و عەقیدەیی شیعەیە، مێزەری رەشیشی لەسەرە و کوڕی سەدری دووەم و لەمانەش کاریگەرتر و ترسناکتر خاوەن هەزاران چەکدارە، چ ئەوانەی "سرایا السلام" بن یان ئەوانەی "سوپای مەهدی" و لیوای "الیوم الموعود". لێکدانەوە و بەڵگەی زۆریشی ناوێت کە لادانی سەدر بە زۆرینەیەکی دروستکراوی فرەچەشن، هاوتایە لەگەڵ یاریکردن بەئاگر و دەرگاکردنەوەیە بۆ بشێوییەکی گەورە لە شەقامی شیعی کە جگە لەخرۆشانی جەماوەری ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی چەك و چەکداریشی لە ناواخندایە.

رکابەرەکانی سەدر ناتوانن براوەی یەکەم پاڵ بنێن بۆ سەر کورسی یەدەگ و ئۆپۆزسیۆن، بەڵام لە توانایاندا هەیە نەهێڵن قۆناغی داهاتوو "سەدریی پەتی" بێت، وەك ئەوەی موقتەدا بانگەشەی بۆ دەکرد، لەدوای ئەوەش دەرگای ناکۆکییە ناوخۆییەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی " دەکەوێتە سەرپشت چونکە لەم تێکەڵە سەیرەدا "هێزەکانی دەوڵەت" کە حەکیم و عەبادین لەگەڵ "هێزەکانی لادولة" کە خەزعەلی و حیزبوڵڵا و عامرین بەشێوەی کاتی پێکەوەن، لەلایەکیترەوە مالیکی تەنیا بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەرامبەر سەدر چووەتە ئەو بەرەی هەڵبژاردنیان پێ تەزویرە، هیچ لەو هێزانەشی لەگەڵیدان ئەویان بەسەرکردە و رێبەری بێ رکابەر پێ قبوڵ نییە بەتایبەت عەبادی و حەکیم و پەیوەندییەکانیشی زۆر لەگەڵ خەزعەلی زۆرباش نییە.

نەیارانی سەدر بیرۆکەی سەیر سەیریان دزەپێکردووە بۆ تەمومژ دروستکردن لەسەر پێشەنگ بوونی لیستەکەی، لەوانەش زیادکردنی کورسی بۆ دۆڕاوەکان و قەرەبووکردنەوەیان کە ئەمە هەنگاوێکی بێ پێشینەیە لە مێژووی دیموکراسی، یان پێشنیارکردنی دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان بەپێی هاوکێشەی چەك و ئامادەیی لە شەقامی شیعە و عێراقدا. هەروەها، ئەژمارکردنی ژمارەی دەنگی بەدەستهاتوو نەك ئەوانەی بوونەتە کورسی پەرلەمانی، لەدەرەوەی ئەم سێ بژاردەیەش زاراوەی تەوافوق و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی ئامادەییەکی بەهێزی هەیە کە دژی حکومەتی زۆرینەی سیاسییە کە سەدر بەخۆی دووجار جەختی لێکردووەتەوە، جارێکیش لە رێگای گوتاربێژەکانی نوێژی جومعەوە لە مزگەوتەکانی بانگەشەی بۆ کردووە.

تاکبوونەوەی سەدر برینێکی قووڵ هەڵدەداتەوە کە چیرۆك و بەسەرهاتی باوکییەتی، ئەویش تا کۆتایی ژیانی لەلایەن رێبەرە ئایینییەکانی شیعەی عێراق و ئێرانەوە هەوڵی کەنارخستن و گۆشەگیرکردنی دەدرا، کاتێکیش ئەبو قاسمی خوئی مەرجەعی باڵای پێشووی شیعە کۆچی دوایی کرد (1992)، سەدری باوك زۆر داوای کرد بچێتە جێگاکەی بەڵام کەس بەقسەی نەکرد لە کاتێکدا جێگرەوەی بەهێز لە گۆڕەپاندا نەبوو، ناچار هاوتەرتیب لەگەڵ جێگرەوەکانی خوئیدا کە سەبزەواری و سیستانی بوون، ئەمیش بناخەی مەرجەعیەتی

جەماوەرییانەی خۆی بەناوی "الحوزة الناطقة" دانا و هەتا لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی (مستەفا و موئەمەل) تیرۆر کرا (1999) لەگەڵ حەوزەی تەقلیدیی نەجەف و لەگەڵ ڕێبەرایەتی خامنەیی و بنەماڵەی حەکیم و سەرجەم بنەماڵە ئاینییە ناسراوە موعتەبەرەکانی دیکەدا لە کێبەرکێ و ناکۆکی و هەوڵی خۆ سەلماندندا بوو، ئەم گرێ و توڕەییەشی بۆ کوڕەکەی موقتەدا بەمیرات بەجێهێشت.

لەو مانگ و چەند ڕۆژەی بەسەر هەڵبژاردنی 10ی تشریندا گوزەری کردووە، موقتەدا سەدر دانی زۆری بەخۆیدا گرتووە، وەڵامی توند و زبری گەلەکۆمەی شیعەکانی نەداوەتەوە، سەردانی حەکیمی کرد کە لە ناڕازییەکانە، هەینی رابردووتر کاتێك لەبەغدابوو، لایەنگرانی حەشد پەلاماری ناوچەی سەوزیان دا و خوێنڕشتنی تێکەوت، بەڵام سەدر بەتوڕەیی گەڕایەوە بۆ نەجەف و پەنای بۆ چەکی شەقامی خۆی نەبرد کە باشتر لە هێزەکانی رکابەری دەتوانێت ئاراستەیان بکات، بەڵام سەرجەم پێدراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەپاش ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان و نەمانی هیچ مەترسییەك لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، چی دیکە نۆرەی ئەوە کارتی خۆی فڕێ بدات و لەم میانەیەشدا هەر لە ئێستاوە بە ڕاگەیاندنی دەرگا کردنەوە بۆ دامەزراندنی شوێنکەوتەکانی رکابەرەکانی توشی دڵەخورتێ و چاوەڕوانی کردووە لە هەنگاوەکانی داهاتووی.